١- ساڵەکە لە ستوونەکەدا بدۆزەرەوە.
٢- لە ژێر ستوونەکەدا بەرامبەر هەر مانگێک ژمارەیەک هەیە.
٣- بەهۆی ژمارەکەوە مانگەکە لەخشتەکاندا دەستنیشان ئەکرێ.

بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ ساڵنامەی ساڵی (٢٧٠٢) ڕێکخەین
ساڵی (٢٧٠٢) لە ستوونی (شەشەم) دایە. لە ژێر ئەم ستوونەدا:
ژمارە (٦) بەرامبەر مانگی نەورۆزە. (٣١) ڕۆژە، واتا خشتە ژمارە ٦ مانگی نەورۆزی ساڵی (٢٧٠٢)ە.
ژمارە (٢) بەرامبەر مانگی گوڵانە (٣١) ڕۆژە، واتا خشتە ژمارە (٢) گوڵانی ساڵی (٢٧٠٢)ە.
ژمارە (٥) بەرامبەر مانگی جۆزەردانە (٣١) ڕۆژە. واتا ژمارە (٥) جۆزەردانی ساڵی (٢٧٠٢)ە.
ژمارە (١) بەرامبەر مانگی پووشپەڕە (٣١) ڕۆژە واتا ژمارە (١) پووشپەڕی ساڵی (٢٧٠٢)ە. ... هتد

بەم جۆرە هەر دوانزە مانگی ساڵەکە دەستنیشان ئەکرێ.
بۆ ساڵنامەی ساڵی (٢٧٠٢)ی کوردی سەیری خشتە (ژمارە ٣٣ ل٤٨) بکە.

هەروەها لەڕێی ئەم ساڵنامەیەوە (ڕۆژەکەی) هەر مێژوویەک ئەزانرێ.
بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ بزانین نەورۆزی ساڵی (٢٦٤٠) کە ئەکاتە (١/١/٢٦٤٠)ی کوردی ئەکەوێتە چ ڕۆژێکەوە:
ساڵی (٢٦٤٠) لە ستوونی (شەشەم) دایە... ژمارەی ژێر ئەم ستوونەی بەرامبەر مانگی نەورۆز (٦)ە.
لە خشتەی ژمارەی (٦)دا، بەرامبەر (١)ی مانگ (پێنج شەممە)یە.

## یاسای دەستنیشان کردنی ساڵی باز (کەبیسە)ی کوردی

ساڵی کەبیسەی کوردی هەمیشە تاکە... یاسای دەستنیشان کردنی بەم جۆرەیە:
هەر ساڵێکی تاکی کوردی دوای ئەوەی (١)ی خرایە سەر بێ ماوە دابەش سەر چوار بوو ئەوە کەبیسەیە

ساڵی کەبیسە ← ژمارە(بێ ماوە) = (ساڵی تاک + ١) / ٤

بەم جۆرە سالآنی (٢٦٥٩ - ٢٧١١ - ٢٦٣٥ -... هتد) کەبیسەن.

(٢٦٥٩ + ١) ÷ ٤ = ٦٦٥
(٢٧١١ + ١) ÷ ٤ = ٦٧٨
(٢٦٣٥ + ١) ÷ ٤ = ٦٥٩

بەڵام سالآنی (٢٦٢٥ - ٢٧٤٩ - ٢٧٧٣ - ...هتد) نابنە کەبیسە.

(٢٦٢٥ + ١) ÷ ٤ = ٦٥٦,٢٥
(٢٧٤٩ + ١) ÷ ٤ = ٦٨٧,٥
(٢٧٧٣ + ١) ÷ ٤ = ٦٣٣,٥

ئەگەر ساڵەکە بە (٩٩) کۆتایی هاتبێ... ئەوسا دەبێتە کەبیسە ئەگەر دوای زیادکردنی (١٠١) بەسەریا دابەش (٤٠٠) بوو بەم جۆرە سالآنی (٢٢٩٩ - ٢٦٩٩ - ٣٤٩٩... هتد) دەبنە کەبیسە:

(٢٢٩٩ + ١٠١) ÷ ٤٠٠ = ٦
(٢٦٩٩ + ١٠١) ÷ ٤٠٠ = ٧
(٣٤٩٩ + ١٠١) ÷ ٤٠٠ = ٩

بەڵام سالآنی (٢٤٩٩ - ٢٧٩٩ - ٢٩٩٩... هتد) نابنە کەبیسە

(٢٤٩٩ + ١٠١) ÷ ٤٠٠ = ٦,٥
(٢٧٩٩ + ١٠١) ÷ ٤٠٠ = ٧,٢٥
(٢٩٩٩ + ١٠١) ÷ ٤٠٠ = ٧,٧٥

## ڕۆژ و مانگە کوردییەکان بەرامبەر ڕۆژ و مانگە زایینییەکان

لە ڕێی ئەم خشتانەوە (ژ ٢٥ - ٢٦ - ٢٧) مانگ و چەندی مانگەکەی ساڵنامەی کوردی بەرامبەر ساڵنامەی زایینی و بەپێچەوانەوە دەستنیشان ئەکرێ. بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ بزانین:

(١٤)ی تەمووز لە ساڵنامەی زایینیدا ئەکەوێتە چ مانگ و چەندی مانگەکە لە ساڵنامەی کوردیدا، لە ڕێی خشتەکانەوە دەرئەکەوێ ئەکەوێتە (٢٣)ی پووشپەڕ.

(٣١)ی خەرمانان ئەکەوێتە (٢٢)ی ئاب.

(٩)ی ڕەزبەر ئەکەوێتە (٣٠)ی ئەیلوول.

(٢٠)ی کانوونی دووەم ئەکەوێتە (٣٠)ی بەفرانبار.

(١)ی نیسان ئەکەوێتە (١٢)ی نەورۆز.

(٢٠)ی ئازار ئەکەوێتە { (٢٩)ی ڕەشەمێ ئەگەر ساڵە کوردییەکە کەبیسە نەبوو<br>(٣٠)ی ڕەشەمێ ئەگەر ساڵە کوردییەکە کەبیسە بوو }

(١١)ی بەفرانبار ئەکەوێتە (١)ی کانوونی دووەم

تێبینی: بۆ گۆڕینی مێژوو و ڕۆژ و مانگ لە زایینییەوە بۆ کوردی و لە کوردییەوە بۆ زایینی ئەبێ زۆر بە وردی ڕەچاوی ساڵی کەبیسە بکرێت.